چاوپێکەوتن بۆ پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ

# فاروق هۆمەر : ئەو نامۆ بوونەی نیشتمان تا ئێستاش بە شوێنمەوەیەو لە کۆڵم نابێتەوە

سازدانی/ چنور محەمەد



فاروق هۆمەر یەکێکە لە چیرۆکنووسە لاوەکانی نەوەی نەوەدەکان، ئەم چیرۆکنووسە لە هەوڵەکانی خۆیەوە دەیەوێت دونیایەکی تر بە ئێمەی خوێنەر ئاشنا بکاتەوە، بەو مانایە نا کە لەوەوپێشتر لەو شێوە دەیانەبوبێت، بوونی هەبووە، بەڵام فاروق تایبەتمەندیی بە ئیشەکانیەوە دیارە، ئەوەی ئێستا لێرە بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە دوای ئەو هەموو گوڕوتینەی ئیشکردنی لە نیشتمان پاش ئەوەی لە کەنەدا نیشتەجآ دەبێت ئیتر هیچ بەرهەمێکی ئەم چیرۆکنووسە نابینرێت، ئەمەش بووە هۆیەك بۆ دروستبوونی ئەم چاوپێکەوتنە، بەوەی ئایا هۆکاری سەرەکی نەبوونی چیرۆك لای فاروق هۆمەر دەگەڕێتەوە، بۆچی؟ ئایا بەراستی ئەو هەر چیرۆك نانوسێت یان تەنیا بڵاویان ناکاتەوە؟ ئەمەو کۆمەڵێك پرسیاری تر لەم چاوپێکەوتنەدا دەخوێننەوە...

*وەك دەزانین ئێستا زیاتر سەرقاڵی کاری وەرگێڕانیت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ ئێستا چیرۆکی نوێ نانووسیت و دەتەوێت لە ڕێگەی ئەم وەرگێڕانەوە شوێنی بیَ بەرهەمیت پربکەیتەوە؟

- ئاشنایەتیم لەگەڵ وەرگێران، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێك کە من هەرگیز بە بیرما نەهاتووە ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك چیرۆکنووسێك کار بکەم. وەرگێرانیشم هەرگیز وەك پیشەیەك نەکردووە، ئەوەندەی کە خۆم هەمیشە وەك خوێنەرێك بینیوەتەوە. واتە خوێندنەوە، یەکەم چێژێك بووە کە هەمیشە لەگەڵم بووەو بەردەوامیش لەگەڵما دەمێنێتەوە. بەر لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبیش ئاشنابووم بە شانۆ. ئەو سەردەمانەش سەرجەم ئەو دەقە شانۆیانەم خوێندەوە کە تا ئەوکاتە لە کتێبخانەی عەرەبیدا هەبوون. هەرگیزیش بە بیرمانەهاتووە کە بیر لە وەرگێرانیان بکەمەوە، ئەوە خۆشەویستیم بوو بۆ هەندێك نووسەر کە وایلێکردم هەندێك دەق بۆ زمانی کوردی وەربگێرم. یەکەم دەقێکیش شانۆیی (چوارینە)ی ئۆژین یونسکۆ بوو. دەنا ئێستاش کە ڕۆژگارێك بەسەر ئەو سەردەمەدا

تێپەڕیووە، جار جارە دەقێك بە خۆیەوە خەریکم دەکات و بۆ خۆشم نازانم چۆن خۆیندومەتەوەو چۆن وەرمگێراوە. واتە دەمەوێت لەوە ئاگادارت بکەم کە من وەرگێرانم نەکردۆتە پیشە. ئەگەر باس بێتە سەر وەرگێر، دڵنیام کە من لەو خانەیەدا باس ناکرێم و ناشمەوێت باس بکرێم. کاتێکیش کە دەستمکرد بە چیرۆکنووسین هەر چێژی خوێندنەوە بوو وایلێکردم دونیای خۆم بنوسمەوە. من بەردەوام دەخوێنمەوەو هەندێجاریش بێ بەرنامە دەخوێنمەوە. دەتوانم بڵێم من بەبێ نووسین و وەرگێران دەکرێت بژیم، بەڵام خوێندنەوەم لێبسەنەرەوە ئەوا دەمرم. من لە ئێستادا بێ لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی هیچ پڕۆژەیەکی دیم نییە، بەو زمانە سادەیەی کە لە ئینگلیزی دەیزانم، خۆم سەرقاڵی خوێندنەوە کردووەو هەندێجاریش دووچاری دەقێك دەبم کە گیرۆدەم دەکات و زیاتر لە دەقێکی دی لام دەمێنێتەوە. وەك بۆم باسکردیت بۆ خۆشم نازانم چۆن ئەو چیرۆکانەم وەرگێڕاون. کاتێکیش کە بەرهەمێکم وەرگێراوە بۆ بڵاوکردنەوەم وەرنەگێڕاون. زۆر بەرهەم هەن وەرمگێراون هەر بۆ ساتێك و تا ئێستاش لام ماونەتەوەو بڵاوم نەکردونەتەوە. دەربارەی چیرۆکیش، کە بۆ چیرۆکی نوێ نانووسم. گەلێك چیرۆکی تازەم نووسیون و تا ئیستا بڕیاری بڵاوکردنەوەیانم نەداوە. هەندێکیان تەواو پاکنووسم نەکردوون، رەنگە ئەوەش جۆریك بێت لە تەمەڵی.. دەمەوێت زۆر بە راستگۆیی پێت بڵێم، کە خەریکی وەرگێران نیم بۆ ئەوەی بێ بەرهەمی خۆم پڕ بکەمەوە. دەتوانم بەڵێنت پێبدەم کە هەر لەمساتەوە دەتوانم هەفتانە چیرۆکێکت بۆ بنێرم و خۆم بە پڕ بەرهەمترین چیرۆکنووس نیشانبدەم. بەڵام ئەوەی کە زیاتر رایگرتووم و بەردەوام تووشی رامانم دەکات، ئەو بارودۆخەیە کە دونیای ئێمە تیا دەژی. من تائیستاش گومانم لەوە هەیە کە ئێمە خوێنەرمان هەبێت. بێ لە نوخبە بڕوا ناکەم کورد خەریکی خوێندنەوە بێت. شەڕو ئاشوب خەیاڵدانی ئێمەی زۆر بۆگەنکردووە. تۆ بڕوانە دونیای ئێمە چەندێك ناشرین بووە. من بڕواموایە ئەدەب بە گشتی و بەتایبەتیش چیرۆك لە توانایدا هەیە کورد بە جوانییەکان ئاشنا بکاتەوە. بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوە.

* تۆ ئێستا لە وڵاتێکدا دەژیت کە فەرهەنگ و کەلتورێکی گەورەی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر نووسەر بە ئاگاییەوە رووبەرووی ئەو کەلتوورە نەبێتەوە ئەوا تووشی هەم نامۆبوون و هەم بێ بەرهەمیش، دەبێت جگە لەم دوو حاڵەتە نووسەر چۆن دەتوانێت لە ناو ئەو جۆرە فەرهەنگەدا پڕ بەرهەم بێت؟

- بە بڕوای من، گرنگ نییە لە کوێ دەژیت، لە نیشتمان یان لە دەرەوەی نیشتمان. لە دواجاردا شوێنەکان هەموو وەك یەك وان. لە کوێرە دێیەك بێت لە هەر شوێنێکی کوردستان، کە من ماوەیەك ژیانم بە مامۆستایی بردە سەر لە گوندەکان. یاخود لە شارێکی وەك تۆرنتۆ کە ماوەیەکە لەوێ ژیان دەبەمە سەر. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەوەیە، تا چەندێك ئاگاداری دونیایت. ئاگاداربوونی دونیاو بەرهەمهێنانی هۆشیاری پڕۆسەیەکی ئاسان نییە. پەیوەندی بە خوێندنەوەو ماندووبونێکی زۆرەوە هەیە. ئەوە پەیوەندی تۆو کتێبە، پەیوەندی تۆو خوێندنەوەیە، ئەوە دیاریدەکات تۆ تا چەندێك دەتوانیت کەسێکی زیندوو بیت یان نا. کەسێکی هوشیارو ئاگادار بیت لە فەرهەنگ و کلتووری گەلانی تر. بێ بەرهەمی من بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ژیانی مەنفا وشکی کردومەتەوەو بە فریای خوێندنەوەو نووسین ناکەوم و ناپەڕژێم ئاوڕێك لەو لایەنە بدەمەوە کە خۆمم بۆ تەرخانکردووە، ئەویش نووسینە. ئەوەی کە من زیاتر دەمەوێت لەسەری بدوێم نامۆبوونە. ئەگەر بە سادەیی لە نامۆبوون بڕوانین، شوێن وەك دیاردەیەکی جوگرافی، کەمتر نامۆبوون دروستدەکات، چونکە پاش ماوەیەك لە ئاشنابوون بە خەریتەو شارەزابوون لەو شوێنە، فێربوونی زمان و دۆزینەوەی ئەو کلیلانەی کە رێخۆشکەرن بۆ تێکەڵاوبوون، دەتوانی تەلیسمەکانی ئەو نامۆبوونە بەرەو تێکشکان بەریت و ئابلۆقەی بدەیت. ئەگەر تەماشای رەهەندە قووڵەکانی نامۆبوون بکەین، نامۆبوون زیاتر رەهەندێکی رۆحی هەیەو دەکرێت لە هەر کات و شوێنێك دوچاری نامۆبوون بیت. دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەوکاتەی لە نیشتمان بووم، کەسێکی نامۆبووم. ئەو نامۆ بوونەی نیشتمان تا ئێستاش بە شوێنمەوەیەو لە کۆڵم نابێتەوە. بەڵام نامەوێت لەوە بدوێم. هەستدەکەم ئێرە شوێنی ئەو باسە نییە. بە بڕوای من بۆ هەر کەسێك کە سنوری نیشتمان دەبڕیت و دەگاتە وڵاتێك کە خاوەنی کولتوورو فەرهەنگێکی گەورەیە، دووچاری شۆکێك دەبێت. بۆ رەواندنەوەی ئەو شۆکە پێویستت بە کاتە. گرنگ نییە ئەوکاتە چەند دەخایەنێت، چونکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بە جۆرێکی دی دەکەوێتەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دووبارە خۆت دابمەزرێنیتەوە. ئەم دامەزراندنەوەیە بۆ من زۆری خایەند، چونکە من دەیان برینم لە نیشتمانەوە لەگەڵ خۆ هێنابوو، بەڵام بێ ئومێدی نەکردم. بەلای منەوە فێربوونی زمان بە هەنگاوی یەکەم دێت، بۆ ئەوەی بتوانیت بە زمانی ئەو خەڵکە بدوێیت و ئاگاداری کێشەو گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بیت. کەواتە بۆ ئەوەی خۆت لە مردن بپارێزیت و کەسێکی چالاك بیت، زمان هەنگاوی یەکەمەو هەنگاوێکە بۆ نووسەر. هەر کاتێك توانیت لەناو کۆمەڵگایەکی ترا زیندووبیت و بڕیاری ئەوەتدا کە هاوبەش بیت لە بیرکردنەوەو ژیانیاندا، ئەوکاتەش دەتوانیت بەرهەمت هەبێت.

* تۆ تا لێرەبوویت بەردەوام چیرۆك و بەرهەمی نوێت هەبوو، هەر كە پێت لە سنووری ئێرە دابڕی ئیتر شتێكت نەما بە ناوی چیرۆكەوە، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت زۆربەی نووسەران بەرهەمی بارودۆخی كۆمەڵگەی خۆیانن؟
- ئەم پرسیارەت بەشێك لە راستی هەڵگرتووە، تا لە نیشتمان بووم لە نووسیندا چالاك بووم، بەڵام دابڕان لە خەڵكانی خۆت كارێكی ئاسان نییە. خەمی نانیش لەو لاوە رابوەستێت، تۆ لە مەنفا دەبیتە هەزاران بەشەوە، كۆكردنەوەی ئەم بەشانە پێویستی بە كاتێكی زۆرە. یەكەم شتێك لە دەرەوە كەس ناتناسێت و لێت ناپرسێتەوە. كەسێك هیچ داواكارییەكی لێت نییە، تا ئەو كاتەی لە نیشتیمان بووم، وەك كەسێكی وجودی هەستم بە لێپرسینەوە دەكرد. هەستمدەكرد نووسین پەیوەندییەكە من و ئەو خەڵكە پێكەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر ماوەیەك نەمنووسیایە بە نیگاكانی ئەو خەڵكەدا، چ لە سواربوونی پاسێكا، چوونە چایخانەیەك، یان گەیشتن بە برادەرێكا بوایە، هەستم بە كەمتەرخەمی خۆم دەكرد. بەڵام لێرە ئەو بەرپرسیارییە نییە. بێ لە هاورێی ئەزیزم هیوا قادر كە بەردەوام لێم دەپرسێتەوە، كەسێكی دی تەنانەت هەواڵیشت ناپرسێت. بەڕاستی ناڵێم نەمنووسیوە، وەك باسمكرد گەلێك چیرۆكم نووسیون و نەگەیشتونەتە قۆناغی پاكنووسكردن و فرێم داونەتە هەگبەیەكەوە تۆز لەسەریان كەوتووە، گەلێك چیرۆكم نووسیون و لێیان رازینیم بۆ بڵاوكردنەوە. بەڵام دوركەوتنەوەم لە نووسین مانای ئەوە ناگەیەنێت كە ئیدی نانووسم یان بەهۆی بارودۆخێكەوە بوومەتە نووسەرو بە نەمانی ئەو بارودۆخە ئیدی بۆم ناكرێت بنووسم. بەهۆی ئەوەی ئێستا لە ئەمریكای باكوور دەژیم و زمانی ئینگلیزی زمانی یەكەمی ئێرەیە، پرۆژەی سەرەكیم فێربوونی ئەو زمانەیەو خاڵی یەكەمیش گرنگی بەوە ئەدەم كە بتوانم بە ئینگلیزیش بنووسم. بیریشیم لەوە كردۆتەوە هەموو ئەو چیرۆكانەی كە هەمن بەوانەشەوە كە لە سوریا نووسیومن و تەواونەبوون تەواویان بكەم و دەستبكەم بە بڵاوكردنەوەیان.

* لە ناو نووسەراندا بەوە تاوانبار دەكرێیت كە چیرۆكەكانت سێبەرێكی بەرهەمەكانی شێرزاد حەسەن-ن بەتایبەتی لە چیرۆكی (باوكم)دا، خۆت تا چەند باوەڕت بەوە هەیە؟ لە كوێدا لەگەڵ شێرزاددا یەكدەگریت و لە كوێشدا جیا دەبیتەوە؟
- سەرەتا دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم كە شێرزاد حەسەن چیرۆكنووسێكی گرنگی ئێمەیەو رۆڵێكی گرنگیش لە مێژوی چیرۆكی كوردیدا دەگێڕێت. پێش شێرزاد نوسەرانی ئێمە حیكایەتیان دەگێڕایەوەو وەك ژانرێكی هونەرییش چیرۆكیان بە ئێمە نەناساندوە. ئەوە شێرزادە دێت و فێری ئەوەمان دەكات كە بەر لە هەموو شتێك چیرۆك دەبێت چێژمان پێببەخشێت، بەڵام دەربارەی ئەوەی كە چیرۆكەكانی من سێبەرێكی بەرهەمەكانی شێرزاد حەسەن-ن، ئەوە زوڵمێكی گەورەیە. یەكەم، دەپرسم ئەو نووسەرانە كێن كە ئەو تۆمەتە شوێن من دەخەن؟ دەتوانی رەخنەكانیانم پێنیشان بدەیت، چونكە تا ئێستا بەشبەحاڵی خۆم هیچ نووسینێكم لەو بارەیەوە نەخوێندۆتەوە. ئەگەر دەربارەی ئەو چپە چپە قسە دەكەیت كە لێرەو لەوێ كۆمەڵێك نووسەر لە چاخانەو یانەكانی شەو قسەدەكەن، ئەوە هیچ بایەخێك بۆ ئەو بیرو رایانە دانانرێت. منیش بە هیچ كلۆجێك لێیان نادوێم، چونكە ئەوانە چیرۆكناس نین و هیچ رێزێكیش بۆ خوێنەر دانانێن.
دووهەم، نووسینێكی عەتا قەرەداخی هەیە كە خوێندنەوەیەكی جدی بۆ هەمان چیرۆككردووە بە ناوی (شكستی پرۆژەی كوشتنی باوك لە چیرۆكی (باوكم)دا. عەتا زۆر زیرەكانە لەو جیاوازیانە قسەدەكات كە من و مامۆستا شێرزاد لێك جیادەكاتەوە. من و مامۆستا شێرزاد لەوەدا یەكدەگرینەوە كە كوڕی یەك كۆمەڵگاین و هەردووكمان لە خێزانێكدا لەدایكبووین كە تا رادەیەك لێكدەچن. ئەو زۆر بە درێژیی و لە هەموو وتوێژو شوێنەكاندا باسی سایكۆلوجییەت و كون و قوژبنەكانی ئەو خێزانەی كردووە. ئەگەر منیش باسی خێزانی خۆمم بكردایە، بڕوا بكە هەمان حیكایەت و منداڵیت دەبینییەوە، بەڵام ئەوەی جیامان دەكاتەوە جیهانبینی هەر یەكێكمانە.

* بۆچی تا ئێستا چیرۆكنووسانی ئێمە نەیانتوانیوە مێژوو و بارودۆخێكی جیاواز بخوڵقێنن جیا لەو مێژووەی كە هەیە؟ واتە بۆچی لەو باكگراوندی كە لە كولتووری كوردیدا هەیە تێنەپەڕاندووە؟
- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە ئەو پرسیارە پێویستی بە لێكۆڵینەوەو لەسەر راوەستانێكی زۆر هەیە، وا باشتربوو زیاتر تەوەرێكی لەسەر بكرێت و ئاراستەی كۆمەڵێك چیرۆكنووس بكرێت و لەگەڵیشیان كۆمەڵێك لەو برادەرانەی كە سەرقاڵی لێكۆڵینەوەن لەسەر هزر. بەشبەحاڵی خۆم، ئەو پرسیارە سەردەمێكی زۆر بە گیریهێناوم. من ئاماژە بە كۆمەڵێك خاڵدەكەم. گرنگترینیان قووڵبوونەوەیە لە خوێندنەوەدا، بەر لە هەموو شتێك ناسینی ئەدەب و زمان، خوێندنەوە لە هەموو بوارەكانی سایكۆلوجیاو پەلهاویشتن بۆ ناسینی مرۆڤ، سۆسۆلوجیاو لێكۆڵینەوە لەسەر كۆمەڵگەو قوڵبوونەوە لە پەیوەندییەكانی تاك و كۆمەڵ و ناسینی دەسەڵات. شارەزابوون لە ئابووری و گەلێك بواری دی. نووسەری كورد خوێنەرێكی تەمەڵە. ئەو پێیوایە زیاتر لەو بوارەی كە ئیشی تیادەكات پێویستی بە شارەزابوون و خوێندنەوە لە بوارەكانی دیدا نییە. ئەگەر تەماشای چیرۆكنووسانی كورد بكەیت، هەر یەكێكیان چەند كۆمەڵە چیرۆكێكی بە چاپ گەیاندووە، بەڵام روانینێكی روونی لەسەر چیرۆك نییە. یاخود بێجگە لە شێوازی واقیعی چ شێوازێكی دی تاقینەكردۆتەوە. كوان ئەو

لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە دونیای چیرۆك. چیرۆکنوسی کورد وێنەیەکی بۆ نووسینی چیرۆك هەیە، کە ئەو وێنەیە زیاتر جۆرێکە لە ئینشا نووسین. یاخود گێڕانەوەی حیکایەت. دەمەوێت بڵێم نووسەرانی هەفتاکان زیاتر سەرقاڵی گێڕانەوەی حیکایەت بوون. چیرۆکی هونەری لەسەر دەستی حسێن عارف و شێرزاد حەسەندا لەدایکبوو. ئەم دوانە شەڕی گەورەیان کرد لە گۆڕینی ئەو واقیعەی کە چیرۆکی کوردی تیا دەژیا، کۆی جوگرافیای چیرۆکی کوردی بگەڕێیت، نموونەیەکی وەك گەلەگورگ و گوڵی رەش نابینیتەوە. خاڵێکی دی، روانینی چیرۆکنووسە بۆ چیرۆك، ئایا پێناسی تۆ بۆ چیرۆك چییە؟. ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە چیرۆکنووسی کورد لە خۆی ناکات . ئەدەب بە گشتی و بەتایبەتیش چیرۆك بریتیە لە بینین و کەشفکردن . یاخود دوورکەوتنەوە لەو شتانەی چاوی ئاسایی دەیبینێت. چیرۆك بەتایبەتی لە دونیای ئێمەدا بریتیبووە لە دووبارەکردنەوەی ئەو رووداوانەی کە لە واقیعدا روودەدەن، یاخود دووبارەکردنەوەو گێڕانەوەی رووداوەکان بە وشە. ئەمە بۆ خۆی جورێکە لە کارەسات، دەکرێت نموونەیەك بۆ ئەوە ئەو ئیشکردنەی کە هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی دەیکات، بەڵام ئەو ناوی چیرۆکنوسی لە خۆی نەناوەو دەشزانێت ئەوەی دەیکات نووسینی چیرۆك نییە. بەڵکو جورێکە لە راپۆرتی رۆژنامەوانی. بەڵام سەرلەبەری چیرۆکی کوردی لە جەمیل سائیبەوە تا بە هەندێك لە چیرۆکنووسانی نەوەی نوێش دەگات، ئەم کارەیان کردووە. هەر لەبەرئەوەشە کە چیرۆکی کوردی خوێنەرێکی جدی نەخوڵقاندووە. چیرۆکنووسی کورد هیچ خۆشەویستییەکی بۆ چیرۆك نییە. ئەگەر هەبوایە دەبوو خوێنەری کورد بەرۆکی بەو دەزگای چاپ و پەخشانە بگرتایە بۆ چیرۆکی جوان. گۆڕینی مێژوو بە کەسانێك دەکرێت کە خاوەنی روانین بن. خاڵێکی تر کە بە روونی بەسەر گەڵێك لە چیرۆکنووسانی کوردەوە دیارە، ئەوەیە کە ئەوان بۆ داهێنان کاریان نەکردووە، بەڵکو بۆ ئەوە نووسیویانە کە لەناو کۆمەڵگادا پایەو پلەی گەورە بەدەستبهێنن. من بیستومە کە چیرۆکنوس هەبووە ئەوەی بەلاوە گرنگتربووە لە چیرۆك کە ببێتە قایمقام. ئەمە خاڵێکی دیاربووە یان پاڵنەرێك بووە بۆ نووسەر. ئەو چیرۆکنووسانە وەك وەزیفە لە چیرۆکنووسینیان روانیووە. لێرەو لەوێ کەم نین ئەو گلەیی و گازندانەی کە هەندێك دەیکەن و دەڵێن ئێمە ئەوەندە ساڵە دەنووسین کەچی هیچمان بۆنەکراوە. بە کورتییەکەی دەمەوێت بڵێم کاتێك نووسەر ماڵی نووسین و دونیای نووسین وەك خەونێکی گەورە نەبینێت، توانای داهێنانی نابێت. هۆکاری تر زۆرن، بەڵام واهەستدەکەم لێرەدا هەمووی ناوترێن.

* زمانی شیعری زاڵە بەسەر چیرۆکەکانتا، ئەم زمانە تا چەند توانیویەتی هاوکاریت بکات لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە نووسیوتن؟ واتە ئەو شێوە زمانەی کە هەتە چۆن هاوکاریی کردوویت بۆ نووسینی چیرۆکەکانت؟

- بە راستی دەمەوێت ئەو راستییەت پێ بڵێم، کاتێك کە دەنووسم بێجگە لە بیرۆکەیەك کە مێشك و بیرکردنەوەی داگیرکردووم، هیچ شتێکی تر لەسەر چیرۆك لە بەردەممدا نییە. یاخود رونتر لەوەش من کەسێکم چومەتە جورێك لە خەڵوەتەوەو ئەو هۆمەرە نیم، کە تاوێك بەر لە نووسین بووم. بۆیە لەوکاتەدا هیچ شتێکم هەڵنەبژاردووە کە بەسەر ئەو چیرۆکەدا بیسەپێنم. ئەوە ئەوساتەی نووسینە کە خۆی بڕیاردەدات چ زمانێك هەڵدەبژێرێت. بەڵام دەمەوێت ئەوەشت بۆ دیاریبکەم کە هەر چیرۆکێك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەڵدەبژێرێت. بەڵام بە گشتی پەیوەندی چیرۆکنووس بە زمانەوە پەیوەندیەکی گرنگە. تۆ ئەگەر روانینێکت بۆ زمان نەبێت، ناتوانیت تازەگەر بیت. ئەوەشت لە یاد نەچێت کە من خوێنەرێکی بەردەوامی تێکستە شانۆییەکانم کە ئەوەش پشتوپەنایەکی گەورەبووە بۆ نووسین. بێجگە لە خوێندنەوەی شیعر، کە هەموو ئەمانە ئیمدادیکن و لە ناهەستا یاریدەی نووسین دەدەن.

*هەستکردن شوێنی لە چیرۆکنوسیندا چییە؟ چۆن دەتوانێت شیوازی چیرۆکەکە بگۆرێت؟ مەبەستم لەوەیە عەقڵ شوێنی تایبەتی هەیە لە چیرۆك ئەی هەستی چیرۆکنوس چەند دەتوانێ بیگوازێتەوە بۆ ناو چیرۆکەکانی؟

- ئەو پرسیارە تایبەتە بەئیشکردنی چیرۆکنووسەوە، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیش دەگۆڕێت. من کاتێك دەنووسم، وەك کائینێکی واقیعی، پابەندم بە ژیانی رۆژانەوە. وەك هەر کەسێکی سروشتی رووداوەکان دەبینم و لەگەڵیان دەژیم. بەڵام کاریگەری رووداوەکان لەسەر من ئەفسوونێك بەجێدێڵێت کە ئەو جیاهێشتنی کاریگەرییەیە نووسەر لە کەسێکی دی جیادەکاتەوە. بۆ نموونە باس لەوە بکەین کە لەسەر شەقامێکی گشتی، کچێك دەکوژرێت. ئەم رووداوە دەکەوێتە بەر کۆمەڵێك لێکدانەوە. عەقڵ بە جۆرێك و هەست وسۆز بە جورێکی دی، لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو رووداوە دەخوڵقێنێت. هەرچی عەقڵە وەك فوتۆگرافیستێك کاردەکات و شتەکان دەگوازێتەوە سەر لاپەڕە. بۆیە شوێنکەوتنی عەقڵ، ئەدەبێکی سادەو سواوت بۆ بەرهەمدەهێنێت کە ناتوانێت لە چیرۆکێکی هونەری نزیکت بکاتەوە. عەقڵ بۆ خۆی سنووردارەو تاڕادەیەکیش میانڕەوە لەگەڵ بیرکردنەوەو نەریتی کۆمەڵگاکاندا. بەڵام ئەوە هەستوسۆزە کە لە ساتێك لە ساتەکاندا نووسەر هەڵدەوەشێنێتەوەو لە واقیعی

دادەبڕێت و فێری ئەوەیدەكات كە لە كون و قوژبنی جیاوازەوە تەماشای رووداوەكان بكات. ئەگەر هەست و سۆز لە چیرۆك دابیڕیت، ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بەتایبەتی بریتی دەبێت لە لاساییكردنەوەیەكی پوچی واقیع. هەر نموونەی ئەو رووداوەی سەرەوە دەهێنمەوە. چیرۆكنووس لەوكاتەدا، ئەگەر بە تەنیا شوێن عەقڵی بكەوێت، بەو جۆرە ئەو رووداوە دەبینێت (ماشێنێك لە گۆشەیەكی شەقامەكەوە دەركەوت. كچەكە لە كاتی پەڕینەوەدا لەمبەری شەقامەكەوە بۆ ئەو بەر، بەلای ماشێنەكەدا تێپەڕی. دەستێك لە پەنجەرەی ماشێنەكەوە دەركەوت و دەستیكرد بەتەقەكردن. كچەكە كەوت و گیانی دەرچوو)، بەڵام هەستوسۆز، خۆی لەو بینینە واقیعییە دادەبڕێت. بۆ نموونە زۆرجار خۆم چوومەتە شوێنی ئەو كەسانەی كە لەسەرم نووسیون. لە چیرۆكی (چاوسەوزەكەم)دا، هەندێكجار خۆم دەخستە شوێنی باوكەكەو تفم لە خۆمكردووە. هەندێكجاریش بوومەتە دایكەكە یان مناڵەكە. بۆیە هەست و سۆز دەرگای زیاترو گۆشەنیگای جیاوازترت بۆ ئەدۆزێتەوە. هاوبەشی هەست و سۆز لە نووسیندا، ئەو كائینە نووستوەی ناوەوە بە ئاگا دەهێنێت كە سنووری واقیع جێدەهێڵێت و عەقڵ دەخاتە ژێر ركێفی خۆیەوەو پەل بۆ دونیایەكی دی دەهاوێت كە هەموو نەریت و ژیانیش دەخاتە ژێر لێپرسینەوەوە. كەواتە دەمەوێت بڵێم هەست و سۆز رۆڵێكی كارا لە چیرۆكنووسیندا دەبینێت. ئەوە هەست و سۆزە كە بەشێكی گەورە لە جیهانبینی نووسەر دیاریدەكات و دەرگایەكی ئاوەڵاش لەسەر خەیاڵ دەكاتەوە.

*چ كاتێك نووسەر بیر لە خوێنەر دەكاتەوە؟ ئایا خوێنەر چ كاریگەرییەكی هەیە بۆ سەر چیرۆكنووس و هەم بۆ چیرۆكەكەش؟ تۆ پەیوەندی خوێنەرو نووسەر چۆن دەبینی؟

- سەرەتا دەمەوێت جیاكارییەك لە نێوان ئەو خوێنەرە گیانییەدا بكەم كە لێرەولەوێ بەسەر هەموو شوێنێكی ژیاندا دابەشبوون، لەگەڵ ئەو خوێنەرە گریمانكراوەی كە لەناخی نووسەردایە. بوونی ئەو خوێنەرە گیانییە، گرنگیەكی زۆری هەیەو بێبوونی ئەو نەپرۆسەی نوسین و نەپرۆسەی خوێندنەوە، زیندویەتی بە دەستناهێنێت. چونكە ئەوە خوێنەرە كە مانایەك بە نووسین دەبەخشیت و ئەو هاوكێشەیە تەواودەكات كە بە سێینەی (نووسەرو دەق و خوێنەر) ناسراوە، بەڵام خوێنەری گریمانكراو، جورێكی ترە لە خوێنەر كە تەنیا لەلای نووسەر بوونی هەیە. هەر نووسەرەش خوێنەرێكی گریمانكراوی خۆی هەیە، كە لە كاتی نووسیندا بە تەنیا بیر لەو دەكاتەوە. بە بڕوای من خوێنەری گریمانكراو، خوێنەرێكە كە لە كۆی پێكهاتەی (روانین و جیهانبینی و جوانناسی و ویژدان و رەوشت)ی ئەو خوێنەرە گیانییە پێكهاتووە كە لە كایەی روشنبیرییدا رۆڵێكی گرنگی لەسەر وەرگرتن و بڕیاردان هەیە.